# سوێندی نەتەوەیی بۆ سەرۆکایەتی



لە کاتێکدا کە ئەحمەدی نەژاد بە کتێبی قورئان سوێندی ناپاکی دەخوات بۆ بەڕێوە بردنی ئێران و بێدەسەڵاتکردنی کورد، ئێمەش بە مافی خۆمانی دەزانین کە سوێندی نەتەوەیی بخۆین بۆ دابەشکردنی وڵاتە داگیرکەرەکان و بەدیهێنانی دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردستانی گەورە.

سوێندم بە خڕو دەشت و گردو چیاکانی کوردستان
سوێندم بە روبارو دەریاچەو کانیاوەکانی کوردستان
سوێندم بە پوش و گژو گیاو دارو دەوەنی کوردستان
سوێندم بە کیمیا خواردوو و ئەنفال کراوەکانی کوردستان
سوێندم بە بریندارو شەهیدەکانی پاراستنی خاکی کوردستان
سوێندم بە بەرگی رەشی دایک و خوشکانی کوردستان
سوێندم بە فرمێسک و هەناسەی ساردی رۆڵەکانی کوردستان
سوێندم بە سەنگەرو دەنگە خنکاوەکانی هەزاران ساڵەی کوردستان
سوێندم بە بەرگی بۆری شۆڕشگیران و داوای سەربەخۆیی کوردستان

وەک کوردێکی بریندار نەتەوە پەرست، تا بمێنم سەر بۆ هیچ داگیرکەرێک شۆڕ نەکەم و هەموو تواناى خۆم بەکار بهێنم بۆ دابەشکردنی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان دابەش کردووەو بەدیهێنانی سەربەخۆیی کوردستانی گەورە.

وەک کوردێکی بریندار نەتەوە پەرست، پەیمان دەدەم لە گەلەکەم زیاتر نەخۆم و بەشم بەقەدەر بەشی تاکێکی کورد بێ لە سامانی کوردستان و دەڵێم:

لە وڵاتێکی ژێر چەوری سەر دەریای نەوتەوە
لە نیشتمانێکی گرینۆکی دابەشکراو و سوتاوەوە
لە نەتەوەیەکی ژێر دەستەی سەر وشکی بێ پێشڕەوەوە
لە فرمێسکی پێنج هەزار ساڵەی وشک نەبووەوە،

سەڵاو لە هەموان و نەفرەتیش لەوەی ئاوڕ لە داوای سەربەخۆیی ناداتەوە.

هۆ نیشتمانە هەڵپڕوکاوەکەم:
هۆ نیشتمانە هەڵپڕوکاوەکەم:

بەدەنگێکی بەرزەوە،
های هۆیەک لەخواکانی سەر ئەرز کە.

بە پەیکەری ئازادی ئەمەریکا بڵێ،
دوەڵەتمان دەوێ و
پەیمانەکانی سەرۆک وڵسن جێبەجێکە.

بەمەلیکەو بیگبێن بڵێ تۆڵە بەسە،
کوردستانی دابەشکراوم ناوێ،
داوای سەربەخۆیی دەکەین و تینمان بۆ تێکە.

دە نیشتمانی هەڵپڕوکاوم:
لە شانزەلیزە قاچ لە ئەرز توندکە،
خۆت بە بورجی ئیفڵ دادەو
مادام میتران وەک شاهیدێک لەخەو راکە.

دە نیشتمانی هەڵپڕوکاوم:
کۆترە ئاشتیەکەی جاران بنێرەوە بۆ مۆسکۆ،
شکوای خۆتی پێ لەسەر گۆڕی لینین بنوسەو
با بە کریملن بڵێ،
هیچی تر پشتیوانی دوژمنانی کورد مەکە.

دە نیشتمانی سوتاوم:
بۆنی هەڵپڕوکانت بگەیەنە سور نوسانی چین و
پێیان بڵێ بەسە منجەمنجی ژێر لێو،
هەڵوێستی خۆت ئاشکرا کە.

دە نیشتمانی کیمیا کراوم:
بەلوتی هەڵقرچاوەوە،

لەدوای پرسیار لەمەکەو مەدینە،
مۆڕەیەکم بۆ لەسەر جێخونی عەرەبان کە.
بڵێ وڵاتت داگیر کردم،
کیمیات دەرخوارد دام و ئەنفالت کردم،
دەبەسە ئازادم کە.

دە نیشتمانی هەڵپڕوکاوم:
لەخوا مەترسەو لەپێناو سەربەخۆیی دا،
ئیمامانی زەمانیش وەک مریشک ئاوەرۆت کە.

دە نیشتمانی هەڵپڕوکاوم:
با بەس بێ، هیچی تر،
لورەلوری تورکە گورگە چاو شینەکان قبوڵ مەکە.

هۆ نیشتمانی هەڵپڕوکاوم:
خۆت راوەشێنەو
سەرانی کوردم بۆ فێری کوردایەتی کە.
دەستیان پێ لەداگیرکەران هەڵگرەو
سامانەکانیان بەسەر نەتەوەکەتدا دابەش کە.

سەردار پشدەری
2009 – 8 – 5
لەندەن